ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٤

# حزبی شیوعی عێراق- کوردستان، تەمەنێکی درێژ و کۆمەڵێک شکست، بۆچی ؟

شرۆڤەی زانستی. ئاسۆ پیارەی

**شرۆڤەی زانستی**

**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە تەنیا بۆ خودی نووسەرە**

**سوپاسێکی بێ پایان بۆ**
**کاک ڕیکار ئەحمەد کە ئەرکی پێداچوونەوەی**
**زمانەوانەی گرتە ئەستۆ**

## پێشەکی

حزبی شیوعی عێراق لە ٣١ ی ئازاری ساڵی ١٩٣٤ لە نێو کەش و هەوایێکی ئاڵۆز و پڕ کێشمە کە تەمەنی لە دەساڵ تێپەرناکا، دروست دەبێ و دەبێتە داینەمۆی گردبوونەوەی خەڵکانی زەحمەتکێش و پردی بەستنەوەی بیروباوەرە شۆرشگێریەکان. حزبی شیوعی بەدرێژایی تەمەنی، لە چەند وەزیرێک نەبێ، ئیدی ئەو شانسەی نەبووە کە دەسەڵات وەربگرێ، ئەوەش دیسانەوە بە نەبوونی دیموکراتی و ئاستی هوشیاری کۆمەڵگەی کوردستان و عێراقەوە بەندە. لە لایەکی دیشەوە پێوەندی بە جۆری سەرکردایەتیکردنی ئەو حزبەو ئەو ئامانجانەی کە دیاری کردوون وەک ستراتیژی، هەروەها شێوازی ئۆرگانیزەکردنیەوە هەیە.

حزبی شیوعی عێراق هەردەم کاری لەسەر هوشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگە کردوە، بەو ڕەهەند و ئەجێندانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بیرکردنەوە و هەلسوکەوتی تاکەوە هەیە. واتە بەجەماوەریکردنی پرۆسەی هوشیاری، نەک لە رێگەی کودەتای سەربازی، بەڵکو لەرێگەی شۆڕشی جەماوەرییەوە. هەربۆیەش سەرباری لاوازی، ئا ئەمرۆش زۆربەی ئەندام ولایەنگری ناوەوە و دەروەی، ئاستی هوشیاری هەمەلایەنەیان بەرزە و زۆرجار پێشبینیەکانیان دەربارەی گۆرانکارییەکان راست دەردەچێ، کە دەچنە ناو لایەنێکی دیشەوە خاوەن سەنگێکی تایبەتییان دەبێ.

**زۆر کەس و لایەن، لە نزیک و دوورەوە، لە هاوپەیمان و نەیاری ئەو حزبەوە، ئەو پرسیارە دەکەن، کە ئایا بۆچی ئەو حزبە، دوای**

**ئەو تەمەنە درێژە، هێشتا لەسەرەتایە و ئەو توانا و تینەی جارانی نەماوە. من لەم شرۆڤە ئەکادیمەیەدا، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێ سەرچاوە، هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە و شیکردنەوەیەک بخەمە بەردەست خۆێنەران و تێگەیشتنێک نیشان بدەم کە پێوەندی ئەو شکستانە بە فاکتەری دەرەکی و ناوەکی قەوارەی ئەو حزبەوە چیە.**

## لە دایکبوونی حزبی شیوعی

حزبی شیوعی خاوەن میکانیزمێکی خۆڕسکانەیە، لە نێو منداڵدانی چەوساوەکان و کرێکاری نەتەوە جیاجیاکانی عێراقدا هەڵقولاوە. بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەڵێن، لە دەرەوە هاوردەکراوە. ڕایەڵیی ماڵەکەی ئەو حزبە لەسەر زانستی تیئۆری مارکسیزم، وەک هەر زانستێکی دی بەرێوەبردنی کۆمەڵگە، ئەزمونێکی دەولەمەند، سوودی لێ وەرگیراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی دیموکراتی و دژایەتی توندی هەمەلایەنەوە، هەروەها زۆر خوێناویبوونی نەیارانی ئەو بیرو باوەرە، ئیدی حزبی شیوعی نەیتوانیەوە ئازادانە بەرنامەکەی بخاتە بەردەم جەماوەر. نەیارە چینایەتییەکانی ئەو حزبە، بواریان بە تاکی کورد و عەرەب نەداوە، کە بەرنامەی ئەو حزبە بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ پیادە بکرێ. هەر لە ریفۆرمی کشتوکاڵ، خوێندن و بیمەی خۆرایی، یاسای کار و دامەزراندن، سەروەری ئابوری مرۆڤەکان و یەکسانی ژنان لە بوارەکانی ژیان، کۆمەڵێک خاڵی کارنامەی ئەو حزبە بوون، لە سەرەتایی دروست بوونیەوە. مەگەر لەوە کارەساتتر هەیە، ئەو مافانە لە جوتیارێک، یان کرێکارێک، لەلایەن نەیارابی ئەو حزبەوە، بشوێنرێن، بۆ نموونە لە ژێر پەردەی ئایندا، یان مافی نەتەوایەتیدا. ئەگەر دەمارگیری نەتەوایەتی

عەرەبییش، دیسان لەو حزبەدا زاڵ بووبێ، بەڵام دیسان حزبی شیوعی عێراق لە ناوچەکە دا یەکەمین حزب بووە ، کە ساڵی ١٩٤٤ دا دانی بە مافی نەتەوایەتی کورد، وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ داناوە، بەرنامەشی بۆ چێ کردوە، لەوانە ئۆتۆنۆمی  و بگرە مافی فیدرالیش یەکێکە لەشاکارەکانی حزبی شیوعی لە کۆنفرانسی پێنج ساڵی ١٩٩٢. لەدروستکردنەوەی حکومەتی عێرق لە ساڵی ٢٠٠٣، حزبە کوردیەکان هیچ بەرنامەیەکی نەتەوایەتییان نەبوو، **هاوڕێ مەجید موسی**، سکرتێری ئەو حزبە، پێشنیاری فیدرالی کردبوو، ئەوە بەرهەمی بیرزانیی شیوعیەکان بوو.

بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم شرۆڤەیە، من هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە بۆچی حزبی شیوعی لە ڕوی قەبارەوە هێندە بچوکە زۆر لەئەندام و دۆستی ئەو حزبە لێی دووردەکەونەوە و سەرباری ئەوەش، ئەو حزبی هێشتا بانکێکی زانیاری و سەرچاوەی هوشیارییە لە ناوچە و کوردستاندا.

## شێوازی لاوازکردنی ئەو حزبە لەلایەن نەیار و هاوپەیمانەکانیەوە.

ئەوەی حزبی شیوعی بە درێژایی تەمەنی، شرۆڤەی تەواوی لەسەر نەکردوە، میتۆدی هاوپەیمانە مێژووییەکانیەتی لە داڕزاندن و هەڵوەشاندنەوەی رێکخراو و ملشکاندنی کادیر و ئەندامی کارای ئەو حزبەیە، جا ئیدی لە ریگەی هێزەوە بێ، یان سامان و هەڵخەڵەندان و گۆشەگیرکردنیان، بەتایبەتی لەو سالانەی دواییدا کە شیوعیەکان دوای پەلاماری نەتەوەیی و بەعسییەکاندا، لەدوو هێرشی مێژوویيدا (کۆدەتای هەشتی شوبات ١٩٦٣ و ١٩٧٨).

شیوعیەکان چ وەک ڕێکخراو یان تاکی کارامە و هوشیار، لە زۆر لاوە گەمارو دەدرێن، ڕێگەیان لێ دەگیرێ بەکاری خۆیان هەڵسن، ئەو ڕۆلەیان هەبێ، کە ئامانجەکانی کۆمەڵگە ئاوێتەی ستراتیژیان بکەن و گرێ کوێرەی ئەو کۆسپانە بکەنەوە کە چینە چەوساوەکان ئاواتی بۆ دەخوازن. بروانە: [ئەحمەد بانیخێلانی، شیوعیەکان].

**پارتی و بەعس**

**باشترین ئامێری پاکسازی بیروباوەری شیوعیەت**

پارتی بەسەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانی و بارزانی یەکەم (مەلا موستەفای باوک) ڕۆڵێکی دیاری بینیوە لە لاوازکردن و سڕینەوەی ئەو حزبە، بەڵکو باشترین ئامێری سیاسی، سەربازی و هزریی بووە، تا ئەمڕۆش بۆ  لەناوبردنی شیوعیەکان، نەیارانی کۆمۆنیزم و چەپ، بەرابەری ئەمریکا. لەبەر ئەم هۆکارانەی کە ئاماژەیان پێدەدەین، ئەوان "پارتی"یان وەک چەکی کوشندەی لە ناوبردنی شیوعی و چەپەکانی کوردستان بەکارهێناوە:-

- سروشتی ئاینی ئەو بنەماڵەیە و ئاستی نزمی گەشەکردن و پێوەرکانی باوکسالاری کە تێیدا هێزە. نەیارەکانی بیری مارکسیزم، هیچ هێزێکی دیکەیان لەوان باشتر نەدۆزیوەتەوە بۆ بەکارهێنانیان، بنەماڵەی بارزانی و بازنەی بەهێزی دەربەگەکانی ئەو سەردەمە و بگرە ئەمڕۆش، باشترین هێزن، لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە، ئۆرگانیزەکراون (سازمان کراون) بۆ لێدانی، نەک تەنیا شیوعی، بەڵکو کپکردنی هەموو دەنگێکی ئازاد و نەتەوەییش. بڕوانە : [ڕادەستکردنەوەی سلێمانی موعینی، مەسعود بارزانی]. بۆ نموونە کوشتن و لە ناوبردنی

چەپەکـان، کۆمەڵکـوژی هــەکاری ســاڵی ١٩٨٧، کە نـزیکەی ١٠٠٠ کـادیری کـارای چەپـی نێـو بـزووتنەوەی کـۆمەڵە و سۆسیالیســت بەدەســتی کـۆلاکە هاوپەیمانەکـانی بنەمــاڵەی بــارزانی لەو نــاوچەیە لە نــاوبران. بــڕوانە: [نەوشــێروان مســتەفا، کارەســاتی هەکـاری ٢٠١١]. ئەدی کۆمەڵکـوژی ٢٢ کـادری حزبـی شـیوعی لەلایەن عیسـا سـوارەوە لە سـاڵانی شەســـــتەکاندا!. تەنــــانەت لە دوای ئاشـــــبەتاڵیش زۆر لە فەرمانــــدەکانی بــــزوتنەوەی ئەیلول(پــارتی)، کە بووبــــوونە سەرۆک جاش، قێزەونترین رۆلیان لە کۆمەڵکوژی نەیارانی پارتی، واتە لە شیوعی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە بینی. هەروها رۆڵیکی گەورەیان لە پرۆسەی تاوانی ئەنفالکردندا بینی .

- گوێنەدانی بنەمالەی بارزانی بە پیرۆزیە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکان و پێوەندی بەستن لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە، بەبەراورد لە گەڵ هۆز و تیرە کوردییەکانی دیکە. بۆ نموونە دوای ڕوخاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بێ دوودڵی، ئەو بنەماڵەیە بەسەرۆکایەتی بارزانی یەکەم (مەلا موستەفای باوک)، پارتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نیشتمان پێوەدنی لەگەڵ دەزگای سیخوری ڕوس، بەریتانیا و ئەمریکا بەست. بڕوانە: [فازل بەراک، لاپەڕە ٣٧]، [هەر چەندە کە ناوبراو زۆر جێگەی متمانە نیە]. شایەنی باسە کە نەوشێروان مستەفا لە کتێبی جولانەوە لە ناو بازنەدا، فازل بەراک بە مرۆڤێک دڕندە دەناسێنێ. بروانە: [لا٢١-٢٢]. [بورهان حاتم گۆمەتاڵ، سالَح حەیدەری(١٩٢٢-٢٠٠١)].

- لە باشووری کوردستان، بنەماڵەی بارزانی، خاوەن پیشەیەکی دیارکراوی ئابوری نەبوون و ناوچەکەشیان لەڕووی جوگرافییەوە، دەڤەرێکی شاخاوییە و ئەو بوارەی بۆ نەرخساندون کەچی سەرکردایەتی پارتیشیان گرتووەتە دەست. لەڕێگەی گردکردنەوەی سەرۆک دەربەگەکان توانیویانە بە یارمەتی دەزگای سیخوری وڵاتانی ناوچەکە، هەمان ڕێبازی کارکردن، مەبەست ملشکاندنی لایەنکانی دی، بگرنەوەبەر. بروانە:[ئەیوب بارزانی] . ئەگەر بەراورد لەگەڵ ناوچەی شارەزوور و هەوراماندا بکرێن، دەبینین ئەم دوو ناوچەیەی دوایی، دەیان پیشەی تیابووە، کە دانیشتوانەکەی تا ڕادەیەک سەربەخۆیی ئابوری هەبووە. بە پێچەوانەوە بنەماڵەی بارزانی بێجگە چالاکی ئاینی، ئەوەش بۆ مەبەستی وەرگرتنی دەسەڵات، هیچی دیی بەکار نەهێناوە.
- نەیارانی چەپ و شیوعی، لە زلهێزەکانی جیهان، پەییان بەو پێوەندییە گیانیەی نێوان هەندێ تیرەی نەتەوەپەرستی ناوچەی موسڵ و بنەماڵەی بارزانی، بۆ نموونە هۆزی شەمەر بردووە، بە تایبەتی دەربەگەکان، کە چۆن، خەڵکیان چەساندۆتەوە. شایەنی باسە، ئەوەی دواتریان(مەبەست هۆزی شەمەر) بووەتە لانەی حزبی بەعس و دەمارگیری نەتەوایەتی و ئەنتی شیوعی و چەپ، لە شاری موسڵ دا خۆی جێگیر کردووە. زلیهێزەکان توانیان ئەو دوو هێزە پێکەوە لەبەرەیەکدا دژی شوعی گرێبدەن. بروانە: [ئەیوب بارزانی،لا١٢-١٣]، سەرکردەکانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی پەروەردەی هەمان دابونەرینی دەمارگیری سیاسی و

ڕەگەزپەرستی نەتەوەییەکانی عەرەبی بوون لە عێراق بە تایبەتی حزبی بەعس.

- بوونی شوێن و جێی بنەماڵەی بارزانی و تیرەکانی سەر بە ئەوان، لەو ناوچە ستراتیژییەدا (بارزان)، واتە سێکوچەکەی ئێران-عێراق وتورکیا، دیسان هۆکارێکی دی گرنگ بوو لەبەردەم ئەو هێزە ئەنتی شیوعی و ئازادیخوازانەدا، کە هێزی بنەمەڵەی بارزانییان لە هێزەکانی دی پێ باشتر بێ بۆ پاراستنی بەرژوەندییەکانی خۆیان و تێکدانی ئارامی و ئاشتەوایی سیاسی،نەتەوەیی و نیشتمانی ناوچەکە.

سەرباری ئەو هۆکارانەی کە قامکیان خرایە سەر، کۆمەڵێ فاکتەری دی، ناوخۆیی، لەوانە سۆزی و تۆکمەیەیی دابونەریتی توندی بنەماڵەی بارزانی، لەوانە زیرەکی بارزانی یەکەم(مەلا مستەفای باوک) وەک سەرکردەیەکی مەیدانی بنەماڵەیی بۆ گردکردنەوەی تیرە و بنەماڵەکانی ناوچەکە، لە هیزێکی باوکسالاری دەربەگەیی تۆکمەدا بەوە چاوترسێنیان بکا کە ئەگەر دژی بن، بەرژوەندی ئابوری و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەست دەدەن، ئەمەش بە لاساییکردنەوە لە حزبی بەعس لە شێوازی سەرکردایەتی کردندا. بڕوانە: [ئەیوب بارزانی. لا ١٢-١٦].

ئەمریکا و هێزە ئەنتی شیوعی و چەپەکان، بۆ لێدان و سەرکوتکردنی هەموو دەنگێکی ئازاد، هەروەها بۆ پاراستنی بەرژوەندی خۆیان، واتە بۆ دەست بەسەرداگرتنی سامانی ناوچەکە و ڕاوەستان لە دژی خۆماڵی کردنی نەوت و پرۆسە ریفۆرمی کشتوکاڵی، لە تێکەڵەی پارتی و بەعس توانیویانە باشترین داردەست بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن سەرەنجام بە کۆدەتای هەشتی شوباتی

١٩٦٣ کۆتایی پێهات، لەو پیلانەدا پارتی و بەعس داهینانیانکرد. [بڕوانە مەسعود بارزانی( 2000، لا 69 و 81)]. لە ئەنفالکردنی حزبی شیوعی و لایەنەکانی دی، بە کەسایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیی پارچەکانی دی کوردستانیشەوە.

**ئەحمەد بانیخێلانیش** هەمان هەماهەنگی بەعس و پارتی لە لێدان و هاوکاری یەکدی بۆ روخاندنی حکومەتەکەی قاسم پشتڕاست دەکاتەوە. [بیرەوەریەکانم(1995، لا 179)] و ئاشکراکردنی شیوعیەکان بۆ حەرەس قەومیەکانی کۆدەتای شوبات. بڕوانە [سهير الناشي، طوارق الظلام لا ١٨٧]، هەمان هاوکاری بەعس و پارتییەکان دەخاتە ڕوو کە چۆن دەربەگ و هەندێ لایەنگر و سەرکردەی پارتی هاوکاری بەعسییان کردوە تا شیوعیەکان بناسرێن و بگیرێن.

## بەرەی نهێنی و ئاشکرای بەعس–پارتی
## لە پرۆسەی پاکسازی شیوعی و دەنگە ئازادەکاندا.

پارتی بە هەردوو باڵەکەیەوە(مەلایی و جەلالی) لەگەڵ حزبی بەعس، باشترین ئامێری دەستی ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە بوون بۆ لێدان و بنبڕکردنی بزوتنەوەی شیوعی، مارکسی، چەپ و بگرە ئەو دەنگە نیشتمانی نەتەوەییانەش کە لە ناوچەکدا بۆ ڕزگاری گەلانی خۆیان خەباتیان کردوە. بروانە[حەمە سەعەید حەسەن، لە کانی ماسی هەوار کەنار بکوژان کە ١١-٢-٢٠٠١ لە ماڵپەڕی کوردستاننێت دا بڵاوکراوەتەو].
لە کۆی یادەورییەکانی هینری  کیسەنجەردا، جەواد مەلا، بە ڕاشکاوانە باسی ئەوەدەکات، کە چۆن مەلا مستەفا – پارتی، هەردەم بە ئاسانی فریوی پیلانەکانی ئەمریکا و شای ئیرانی خواردوە و

تەنانەت کاتێک پێوەندی باشی لە گەڵ روسەکان هەبووە، بەڵام لە ژێرەوە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا و شای ئێران و مۆسادی ئیسرائیل گرێداوە بۆ لێدانی شیوعی و لایەنی چەپ و کەسانی ئازادیخواز، کە بۆ یەکسانی لە نێو خەڵکدا هەوڵیان دەدا. تەنانەت بە راشکاوی دژی شیوعیە کوردەکان کاری کردوە و بەڵێنیشی داوە کە بەباشترین شێواز لاوازیان بکات. بۆ ئەو مەبەستەش ساڵانە پێنج ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. ئەوە بێجگە لە کەرەسەی جەنگ و خواردن و ئامێری پێوەندی و یارمەتی دی لۆجستی وئاسان کردنی هاتوچۆ بە رێی ئێران، سوریا، میسر و ئیسرائیل. بروانە [البارزانی و کیسنجر و الدولة الکوردیة لا، ٤٨-٥٦]. لە ساڵی ١٩٧٤دا قەبارەی ئەو یارمەتیە گەیشتوەتە ٧٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. بروانە [هەمان سەرچاوە، لاپەرە ٦١].

پێشتریش بارزانی یارمەتییەکی خەیاڵی لە دەزگای سخوری (سی ئای ئەی) ئەمریکی بۆ تەرخانکراوە. بڕوانە:[هەمان سەرچاوە لا٤٨- ٥٥]، کە مانگانە خوی لە ٢٥٠ هەزار دۆلار داوە. ئەو یارمەتیەش بەو مەرجە دراوە بە بارزانی یەکەم(مەلا مستەفا)، کە دژی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی بێت و سوپاسی عێراق خەریک بکا، بۆ ئەوەی نەشتوانی کە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل بکات. پێشتریش بۆ لاوازکردنی حکومەتی قاسم و سەرکەوتنی بەعسییەکان لە نسکۆی ٨ی شوباتی ١٩٦٣. بروانە:[هەمان سەرچاوە، لا ٤٨-٥٦]. شایەنی باسە مەلا مستەفا زۆرجار ئەو یارمەتییەی بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی بنەماڵەکەی خۆی بەکارهێناوە. بروانە: [ئەیوب بارزانی، لا ١٤٨]. هەروەک چۆن ئیستە بارزانی دووەم( مەسعود) سامانی باشووری کوردستان بۆ بەهێزکردنی بنەماڵەکەی، نەک خەڵکی کوردستان بەکاردەهێنی و خەڵک بێ موچە دەکا، هەرچەندە لە دۆخی ئەمڕۆدا،

یەکێتی و لایەنەکانی دیش لەگەڵیدا برابەشن و سەنگەری بێدەنگییان هەڵبژاردوە.

**لە ساڵی ١٩٥٧ دوای ئەوەی بەرەی "الاتحاد الوطني"** دروست دەبیّ، بەعس دەیەویّ بە تەنیّ لەگەڵ پارتی هاوپەیمانی دروست بکا، بەڵام حزبی شیوعی ئەوەی پیّ باش نابیّ و بە زیانی نەتەوەیی نیشتمانیی دادەنیّ، بۆیە بەعسییەکان ڕازی نابن. دوای ڕوخاندنی عەبدولکەریم قاسم و دوور خستنەوەی شیوعیەکان و لێدانیان پێکەوە، پارتی و بەعس پێکدێن، لە زۆر ڕووداوی میژوویدا پێکەوە بە ئاشکرا و نهێنی بۆ لێدانی دەنگانی ئازاد هاوکاردەبن. بروانە: [فازل بەڕاک، لا٤١-٤٥] هەروەها بڕوانە:**[مهدت ثورة ايلول لقيام هذا الانقلاب و كل الانقلابات الاخرى. انقلاب الثامن من شباط، لا 81، مسعود بارزاني 2002].**

پێوەندی نێوان پارتی و ساواکی ئێران و ئەمریکا، دەگاتە ئاستێک کە ئیدی ئەمریکا بۆ لاوازکردنی عێراق و ڕێگرتن لە شیوعیەکان بە ئاشکرا و لە ڕێی ئێرانەوە یارمەتی پارتی دەدا، ئەو یامەرتییە تاکو ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، بەڵام کاتێک بەرژوەندییان نەما، بڕییان. بروانە: [تركيا في الاستراتيجيه الامريكية. د جرجيس، لا ١٤- ١٥].

**هاوڕیّ مام ساڵح** کە سەرکردەیەکی ناسراوی حزبی شیوعی بووە، بروانە [یادەوەییەکانی "وەک خۆی" لا ١٣٤] باسی ئەوە دەکات، کە هەر لە سالانی ١٩٦١ پارتییەکان(دەربەگەکانیان)، لە ناوچەی گەرمیان بناری گل و خۆرنەوەزان، شیوعیەکانیان تووشی گەرورەترین ئەشکنجە و ئازار کردوە و بگرە هەندێکیشیان  لە ئاودا خنکاندوە و پسولەی هاتوچۆیان بەسەردا سەپاندوون، هەرچەندە کە خەڵکی ناوچەکەیش بوون.

**(ئەحمەد بانیخێلانی)یش** کەسەرکردەیەکی دی حزبی شیوعی بووە، لە یادوەرییەکانیدا، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە پارتی باشترین لانەی گەرمی دەربەگ و کۆلا و کۆنەپەرستان بووە و دژی ڕیفۆرمی کشتوکاڵ و زۆر ئازاری هاوڕێیانیان داوە. بڕوانە: [ئەحمەد بانیخێلانی، لاپەڕە١٧٤-١٨٠]. بگرە زۆر جار پارتی هێندە ئەشکەنجەی شیوعیەکانی داوە، کە زۆربەیان ئاواتەخوازبوون لە زیندانەکانی بەعسدا بمرن، نەک بکەونە زیندانەکانی بنەماڵەی بارزانی کە زۆرجار لەلایەن ساواکی ئێران و سیخوڕی حکومەتی عێراقەوە سەرپەرشتی ئەشکەنجەدانیان کراوە.

**حەمە سەعەید حەسەن**، "لە کانی ماسی هەوار کەنار بکوژان" کە لە (١١-٢-٢٠٠١لە ماڵپەڕی کوردستاننێتدا بڵاوکراوەتەوە)، باسی ئەوە دەکات، کە چۆن پارتی "باڵی ئیبراهیم ئەحمەد" لە بنکەیەکی شاخی بەمۆ، ١٣ شیوعی دەکوژن، پێنجیان گولەباران و ئەوانی دیش ناچار دەکەن کە خۆیان فڕێدەنە ناو ئاوی سیروانەوە. ئەو ڕووداوە دوای کۆدەتای شوباتی ١٩٦٣، بە ئاگاداری سەرکردایەتی پارتی بووە. سەرکردایەتی پارتی لە باتی سزادان، بکوژەکانی خەڵات کردوە و دیاریی پێدراون. بڕوانە:[هەمان سەرچاوە].

## پارتی و بەعس دوای ئاش بەتاڵ

دوای ئاشبەتاڵ ١٩٧٥، زۆربەی ئامر هێزەکانی پارتی، دلسۆزترین و بە ئەمەکترین کەسانێک بوون بۆ بەبەعەرەبکردن و بەبەعسیکردنی کۆمەڵگەی، کوردی، بۆ نموونە لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە، هەر کادر و یەکێتی قوتابیانی پارتی بوون، بووبوونە بەعسی و خۆپیشاندانیان دەکرد، دروشمی (كل هورامان بعثية)یان هەڵدەگرت.

**محمەد خدر،** کە یادەوەرییەکانی خۆی وەک پێشمەرگەیەک نووسیوەتەوە( هەرچەندە ناوبراو ئێستە پارتییەکی مەلاییە)، ئاوا باسی ئەو ئامر هێزە پارتیانە دەکا، کە چۆن چەند مانگێ دوای ئاشبتەڵ، بوونەتە بەعسی و خەڵکیان ناچار کردوە لە دەڤەری ڕانیە کە ببنە بەعسی. بڕوانە: [محەمەد خدر، پشوی چیا، لا ٦].

هاوکاری پارتی و بەعس هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو زۆربەی ئەو ئامر هێزە کۆنانە بوونەتە باشترین داردەست بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە، ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و شیوعیەکان. دەیان مەفرەزی تایبەتی فورسان (ئەنفالچی و جاش)یان پێکهێناوە، لەوێشەوە لەسەنگەرەی بەعسییەکانەوە (لە هەمان کاتدا وەک ئەندامی دڵسۆزی پارتی ماونەتەوە). قاسمە کوێری کۆیە، تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج و دەیان ئەنفالچی، لە ژێرەوە بە فەرمانی پارتی، بە دڕندەترین شێواز، پێشمەرگەی شیوعی و یەکێتییان لە ناوبردوە، بڕوانە شەڕەکانی، قزلەر، هومەربل، بۆڵقامیش، سویلەمێش کە پتر لە سەد پێشمەرگەیان لەو جەنگانەدا بۆ ڕژێمی سەددام شەهیدکردوە. ئەوە جگە لە سەدان سیخور و کۆنەبەعسی، کە ئەمڕۆ زۆربەیان لە دامەزراوەکانی ئەو حزبەدا کار دەکەن.

## هۆکارە خۆییەکانی پوکانەوەی حزبی شیوعی

**هۆکاری ناوەکی فرەفاکتەری دی پێکدەهێنن،** کە ئەو حزبەی تووشی هاتووە و نەیتوانیوە، بگاتە دەسەڵات. لەوانە نەبوونی خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ هەڵسەگاندن و توانای دامەزراوە و ڕێکخراوی ئەو حزبە. بۆ نموونە کە بەعسییەکان کودەتایان بەهێزێکی چکۆلەوە کرد، هەر زوو زیندانەکانیان بە تێکۆشەرانی

شیوعی پڕکردەوە. حەرەس قەومییەکان گوتویانە: ئەگەر بمانزانیبایە کە حزبی شیوعی ئەم هەموو ئەندامەی هەیە، هەرگیز نەماندەوێرا کۆدەتا بکەین. بڕوانە: [توفيق سهر الناشي، طوارق الظلام].

**جیابوونەی عزيز الحاج ساڵی ١٩٦٧** شکستییەکی گەورەی دی بوو، دوای کۆدەتای هەستی شوباتی ١٩٦٣. جیابوونەوەیەک کە قەوارەی ڕێکخستنی ئەو حزبەی داڕماند. بڕوانە: [فراس الحمداني، تأملات في الشيوعية، لاپەڕە٢٠٤-٢٢٤]. کێشەیەکی گەورەی دیکەی حزبی شیوعی عێراق وابەستەیی بە بڕیارەکانی سۆڤیەت و ئاستی نزمی سەربەخۆیی لە کاری ڕۆژانەیدا بووە. تەنانەت سۆڤیەت لەبەر بەرژوەندی خۆی، لە ساڵی ١٩٧٣، بەرەیەکی نابەرابەری بەسەر ئەو حزبەدا سەپاند و گەورەترین زیانی هەمەلایەنی بەو حزبەی گەیاند.دوای سالێک لە دامەزراندنی ئەو بەرەیە، پارتی شەڕی لە دژی حکومەتی عێراق هەڵگیرساندەوە، دووبارە گەورەترین زیان بە شیوعیەکان و جەماوەرەکەیان کەوتەوە. لە زیندانەکانی ڕایات و شارباژێر و بادینان، پاکسازی و لە ناوبردنی شیوعیەکان، بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستی پێکرد. بەوهۆیەوە کادر و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە زیانی گەورەیان بەرکەوت و جەماوەرەکەی لە کورتی دا.

نەبوونی سەکردایەتییەکی بوێر و سەربەخۆ، ئەگەر چی سەلام عادل و هاوڕێکانی ، توانیان بەرگەی دڕندەترین ئەشکەنجەی بەعسییەکان بگرن، بەڵام دەبوو، ئەو ئازایەتییە لە دەرەوی زیندان، لە شەقام دژی بەعسییەکان بەکاربهێنن. بەداخەوە حزبی شیوعی زۆرجار لێدانی زیندانەکانی بە پاڵەوانی زانیوە، نەک جەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەیارانی. هەمان هەڵە لە ساڵی ١٩٩٤ دووپات بووەوە، کاتێک هاوڕێ

سۆران، لەلایەن یەکێتییەوە شەهید کرا، شیوعی لەباتی بەرگری لە هاوڕێکانی بکات، سازشی کرد، بەوهۆیەوە پتر لە ٤٠٠ پێشمەرگەی ئازاو بە ئەزموون وازیان هێنا.

بەداخەوە حزبی شیوعی سیاسەتی فریشتەی بۆ پەروەردەی ئەندام و لایەنگرانی پەیرەو دەکرد، ئەوەش لەسالانی شەڕی پارتیزانیدا ڕەنگی دابووەوە. بە پێچەوانەوە لایەنەکانی دی، کە زۆرجار ئەو حزبەیان بۆ سەرخستنی خۆیان بەکار دەهێنا. ئەوە بە ڕوونی لەشەڕی براکوژیدا ڕوویدا، پارتی توانی لەوێشەوە گەورەترین زیان بە حزبی شیوعی بگەیێنێ و خۆشی سەرکەوتوو بمێنێتەوە. پتر لە ٧٣ هاوڕێ لە پریسکی شەڕی جەلالی- مەلایی لە پشت ئاشان شەهید بوون.

**هۆکاری ناوخۆیی بۆ پوکانەوەی** ئەو حزبە زۆرن، لەوانە، نەبوونی هەڵسەنگاندێکی زانستی بۆ شێوازی هاوپەیمانی و نەبوونی پێوەری راستین. بەدرێژایی مێژوو، پارتی دە هێندەی تاوانی پشت ئاشان شیوعی کوشتوە،  کەچی هێشتا زۆربەی سەرانی ئەو حزبە، پارتی بە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن! زیانە گیانییەکانی حزبی شیوعی بەدەستی پارتی لەسەرەتای سالانی شەستەکانی سەدەی پێشوەوە  تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٨٨، وا مەزەندە دەکرێن، کە ژمارەی شەهیدەکان دەگاتە پتر لە ٩٠٠ کادری پێشکەوتوو (**بەداخەوە لەبەر سەلامەتی گیانی هاوڕێیانە، ئەو ئەندامانە نەیانوێرا ناوی خۆیان بۆ ئەم شرۆڤەیە تۆمار بکەن کە ئەو راستییانەیان درکاند**).

هۆکاری دی لەوانە **زاڵبوونی پانعەرەبیزم** بەسەر بیرکردنەوەی هەندێ سەرکردەی ئەو حزبەدا، ساڵح حەیدەری ساڵی ١٩٥٣ پێی وابووە باشووری کوردستان پێویستی بە حزبێکی شیوعی

کوردستان بووە، بەڵام دەمارگیری نەتەوایەتی عەرەبی زاڵبووە بەسەر سەرکردایەتی ئەوسای حزبی شیوعی، بڕوانە: [بورهان حاتم گۆمەتاڵ، ساڵح حەیدەری لا ١٢٥- ١٢٦ ..(١٩٢٢-٢٠٠١)]. هەر ئەوەش وایکردوە کە بەشێک لە چەپە کوردەکان لەو حزبە دووربکەونەوە. من خۆم وەک ئەندامێکی ئەو حزبە ساڵی ١٩٩٢ بە گوێی خۆم لە کۆنفرانسێکدا گوێم لێ بوو، زەکی خێری و سعادی خێری گوتیان: "کورد لەوە زیاتر چی دەوێ، ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە لە عێراق بە کورد دراوە، پارچەکانی دی کوردستان لە خەویشدا نایبینن"، شایەنی باسە هەر ئەو ساتە وازم لەو حزبە هینا.

## دەرئەنجام و پێشنیار

وەڵامی پرسگەلی ئەم توێژینەوە دەریدەخات، لە سەر ڕۆشنایی ئەو کارەساتانەی کە پارتی بەسەر حزبی شیوعیدا هێناویەتی، لە کوشتنی زیندانیەکان، کانی ماسی، رایات، هەکاری، و کڕینی دەیان کادر و سەرکردەی، بێجگە لە کوشتنی دەیان پێشمەرگە و ئەندامی، لە ڕێی ئەنفالچیەکانەوە واتە پارتییەکانی ناو بەعس، ئەوە درەدەخات کە ئەو حزبە، واتە پارتی باشترین ئامێری دەستی ئەمریکا و هێزی دژە شیوعی و دەنگە ئازادەکانە. هینری کیسنجەر لەخۆڕاوەنیە کە پارتی و لە ڕێی ساواکی ئیرانەوە، بەباشترین بریکاری لە ناوبردنی شیوعیەت، دەستنیشان کردووە. ئەگەر پارتی ئەو ڕۆڵەی لە خۆیان چێتر پراکتیزە نەکردبێ . بروانە: [جواد ملا، چاپی سوید]. شایەنی باسە بە پێی ئامارێک کە دە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق و کوردستان کردویانە، پارتی لە دامەزراندییەوە، واتە لەسەردەمی دەسەڵاتی بارزانی یەکەم دا، بەهەردوو باڵەکەیەوە، پتر لە ٣٠٠٠ شیوعی و چەپ، کەسانی ڕزگاریخوازی لە باشووری

کوردستان و ناوچە، لە ناو بردوە، ئەوە بێجگە لەوانەی بە شێوازی دی، یەکی خستون یان ناچاری کردون خۆیان بفرۆشن. بروانە: [شهداء الحزب شهداء الوطن].

## پێشنیار و چارەسەر

- هەڵسەنگاندنی هاوپەیمانە کۆن و نوێیەکان و شرۆڤەکردنی سروشت و ستراتیژیان، دەبێ هەنگاوی یەکەمی شیوعیەکان بێت، بە تایبەتیش پارتی کە بەدرێژایی مێژووی گەورەترین گورزی هەمەلایەنەی لە شیوعیەکان و پرۆسەی دیموکراتی لە باشووری کوردستان و بزوتنەوەکانی ناوچەکە داوە. سروشتی ئەو حزبە سەلماندوویەتی کە هاوپەیمان و دەسکەلای هێزە ئەنتی شیوعی و کۆنپەرەستەکانی ناوچەیە.
- وەلانانی سەرکردەی بێتوانا. واتە ئەوانەی کە راستەوخۆ بۆ لایەنەکانی دی کار دەکەن و گوێ لە گازندە و ڕەخنەی ناوخۆیی و دەرەکی کەسانی دڵسۆز ناگرن.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هەمەلایەنەی شیوعی و کەسانی ئازادیخواز ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی پەی بەو پیلانانە بەرن کە دژی هێزی شیوعی و هێزی چەپ و کەسایەتی دیموکراتیخواز دەکرێ. گەرەکە کۆمیتەیەک بۆ کاری چاودێری و نووسیەوەی مێژووی شوعیەکان پێکبهێنرێ. ئەگەر حزبی شیوعی ئەوەی بکردایە، پارتی چۆن بوێری دەکرد کە داستانی هەندرێن بکا بەهی خۆی و بەرهەمی شیوعیەکان ساختە بکا! یان چۆن دەیتوانی کە بەرگری لەو

ئەنفالچیانە بکا کە دەیان هاوڕێ و مرۆڤی کوردیان ئەنفالکردوە.

- ئاوێتەکردنی دروشم و پلانەکانەکانی ئەو حزبە لەداخوازیەکانی جەماوەری و چونە ناوخەڵک، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و شیکاری بەردەوامی بۆ ئەگەرەکان.
- هەڵمەتێکی بەرفراوانی ئاشتکردنەوەی خێزانی شەهیدان و هاوڕییانی دەرەوەی حزب.
- بریار وەرگرتن لە ڕووداوە چارەنووسازەکاندا، بەتایبەتی ناوچەیی و نیشتمانی و جیهانی. بۆ نموونە ئەو(چاڵە سەنگەرەی) کە پارتی ئاشکرا سنوورەکانی نێوان خۆرائاوا و باشووری کوردستانی بۆ تۆرانیەکان جیاکردوەتەوە و ڕۆلێ ژەندرمەی تۆرانی دەبینێ.
- نووسینەوەی ئامارەکانی ئەو زیانەنی کە پارتی لە مێژووی دروستبوونیەوە تاکو ئەمڕۆ بە حزبی شیوعی و لایەن وکەسانی ئازادیخوازی ناوچەکەی گەیاندوە.

لەگەڵ کۆمەڵێک پێشنیاری دیکە..............

## کۆتایی

- بە هیوام هەموو کەسێکی چەپ و ئازادیخواز ئەم شرۆڤەیەم بخوێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو هاوڕێ کادرە گەنجانەی کە دەیانەوێ خزمەتی چەپ و کار بۆ سەرخستنی دۆزی نیشتیمانی و چینایەتی کۆمەڵی کوردی بکەن.
- هیوادارم ئەو سەرکردە چەپانەی کە پارتی و بۆرژوایی پاشکەوتووی بنەماڵەیی کوردی وەک فریادڕەس دەبینن!! ویژدانیان بجولێ و چاوێک بەو سازش و خۆبەکەمزانینیە بخشێننەوە. بەتایبەتیش لە ئاستی ئەو تالانییەی کە بنەماڵەیەکی بازرگانی وەک پارتی و ئەوانی دی دەیکەن، بێدەنگ نەبن و  لەوتنی ڕاستییەکاندا درێغی نەکەن.
- داوام وایە، ئەو سەرکردە چەپانەی کە لە مژارەکاندا، ڕووداوە مێژووەکاندا بەشدار بوون، ڕاستگۆبن لە گەڵ هاوڕێکانیدا و کەموکوڕییەکانی بخەنە بەردەمییان.

ئاسۆ بیارەیی
پایزی ٢٠١٤  سوێد

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی:-


- نەوشێروان مستەفا.(٢٠١١) کارەساتی هەکاری، چاپی چوارەم. چاپی کتێبخانەی شەهید عەلی باپیر. سلێمانی.
- ئەحمەد بانیخێڵانی(١٩٢٥-٢٠١٣). یادەوەرییەکانم. سوێد- ستۆکهۆڵم ١٩٩٧
- بورهان حاتم گۆمەتاڵ، ساڵح حەیدەری(١٩٢٢-٢٠٠١). ڕۆڵی ڕووناکبیری، چاپی یەکەم ٢٠١٢ هەولێر.
- نەوشیروان مستەفا. خولانەوە لە ناو بازنەدا. دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤- ١٩٨٨. چاپ ساڵی ١٩٩٩ مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان
- محەمەد خدر. پشیوی چیا، چمکێک لەبیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک. ٢٠١٢. هەولێر: چاپخانەی موکریان
- بروانە هەلسەنگاندنی قیادە موەقەتە ١٩٧٦چاپی هەمان ساڵ
- مام ساڵح(فەخرەدین تاڵەبانی). (٢٠٠٦) چاپی یەکەم.


## سەرچاوەی عەرەبی:-


- فراس الحمداني(٢٠١٣). تأملات في الشيوعية، طبعة كندا.
- د. جرجيس حسن(١٩٩٠) الطبعة الاولىَ. تركيا في الاستراتيجية الامريكيه. دمشق مطبعة الجاحظ.
- دكتور فازل براک بين مصطفى البارزانى الاسطورة و الحقيقة. بغداد ١٩٨٩
- مسعود البارزاني( ١٩٦٣-١٩٧٥ والحركة التحررية الكوردية، الجزء الثالث، أربيل ٢٠٠٢
- توفيق سهر الناشي. طوارق الظلام. مطبعة ڤيشون ميديا، سويد ٢٠٠٩
- جواد ملا،( ١٩٩٠) البارزانى و كيسنجر و الدولة الكوردية. أربيل: الطبعة الاولى.

- شهداء الحزب، شهداء الوطن ١٩٣٤-١٩٧٨. دار النشر فيشون ميديا، سوێد ٢٠٠١

شرۆڤەی زانستی. ئاسۆ یارەی



## ئاسۆ بیارەیی

شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی وخوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی (پلەی ماجستێر) لە وڵاتی سوێد تەواوکردووە

بەرهەم :

کۆمەڵێک هۆنراوە، ساتیر،وتاری ڕۆژانە وچەندراپۆرتی زانستی لە سەردەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامەوسایت.

١ .کەیسی زمانی یەکگرتوو .دید و بۆچون .

٢. تیزی زانستی بەزمانی سوێدی ،  پەروەردەی پێچەوانە،تیزی (ماستەر ئاستییەک) ماجستێر. بەزمانی سوێد

٣ .ئاستەنگیەکانی پێشکەوتنی ئافرەتی(ژنانوکچان)  ڕەوندیکورد. توێژینەوەیزانستی ٢٠٠٩

٤ .گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە  ژیانی منداڵان  لەوەستانێکدا دەستدرێژی سێکس ئینسێست بەنموونە ٢٠١٠

٥ .لە ئامێزیسۆشیال سایکۆلۆژیدا٢٠٠٦-٢٠٠٩   بەرگی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی

٦ .چەند شارۆیەک* لە نێو لاپەرەکانی شۆڕشی ئەیلولدا. توێژینەوەی سۆشیال سایکۆلۆژی دەربارەی بزوتنەوەی ئەیلول

٧ .سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان  لەساڵ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠

٨ .یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک، ١٩٨٣-١٩٨٨ چاپخانەی ڕەنج سلێمانی ٢٠١٥

٩. ئاوارەکانی بناری ئەودیوی چیا،  چاپجانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٥

١٠. خەتەنەکردنی کچان،تێکدان و شێواندنی جەستەیی و دەروونی نیوەی کۆمەڵگەیە

١١.  دۆزی نەتەوایەتی ٢٠١٢

**١٢** .ژنانی کورد و ساتەکانیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا . چاپخانەی مارگرێتا، سلێمانی ٢٠١٣.

١٣. گۆڕانێک پێش گوڵکردنی،  ئامادەیە بۆ چاپ.  ٢٠١٦

شرۆڤەی زانستی. ئاسۆ یارەی

شرۆڤەی زانستی، ئاسۆ یارەی

# Kurdistan – Iraq Communist party

# Eight Years Of some failures

Historical Analys

By: Asso Byari